ئەعرەجی و باڵیۆزی ئێران جەخت لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکان لە ڕێگەی دیالۆگ دەکەنەوە

ئەمڕۆ شەممە "قاسم ئەعرەجی"ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی و "محەممەد کازم سادق " باڵیۆزی ئێران لە عێراق تەئکیدیان کردەوە کە پێویستە هەموو کێشەکان لە ڕێگەی دیالۆگەوە چارەسەر بکرێن.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی لەبەیاننامەیەکدا رایگەیاند:- ئەعرەجی لە نووسینگەکەی خۆیدا پێشوازیکرد لە "محەممەد کازم سادق" باڵیۆزی ئێران لە بەغدا.

وەک بەیاننامەکە ئاماژەی پێداوە:- ئەعرەجی لەگەڵ باڵیۆزی ئێران پێداچوونەوەیانکرد بە دۆخی گشتیی سیاسی و ئەمنیی ناوچەکەدا، جگە لە گفتوگۆکردن لەسەر پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتی دراوسێ و جەختکردنەوە لەسەر چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان لە ڕێگەی دیالۆگەوە.

لە درێژەی بەیاننامەکەدا ئەوەش هاتووە:- هەر لە میانی دیدارەکەدا جەخت لەسەر پەیوەندی نێوان هەردوو وڵات و گەلانی دەست کرایەوە،لە گرنگی پەرەپێدان و پتەوکردنی ئەو پەیوەندییە مێژووییە و ڕێزگرتن لە سەروەری هەردوو وڵات، بە شێوەیەک کە خزمەت بە بەرژەوەندییە هاوبەشەکان بکات و سەقامگیری لە ناوچەکەدا دروستبکات.

لەلایەن خۆیەوە باڵیۆزی ئێران رایگەیاند کە بەرژەوەندیی کۆماری ئیسلامی ئێران لە بەردەوامبوون و پەرەپێدانی پەیوەندی ستراتیژییە لەگەڵ عێراق، هەروەک ئاماژەی پێدا :- دەتوانرێت هەموو کێشەکان بە

ل□کت□گ□یشتن و وتوو□ژی بنیا تن□ر چار□س□ر بکر□ن.